# بارانی عەشق

## نیهاد جامی

لەبەردەم شکستی هەمیشەیی عەشقدا، لەکۆلانێکدا کە دڵنیاین باران لێناگەڕێت بگەینە ئەوسەر، دەبێت لەژێر تارمەی دوکانێک یا لەبەردەرگای ماڵێک بوەستین، تا باران هێور دەکات، باران بەخوڕ دەبارێت، کەس لەکۆلانەکە تێناپەڕێت، من یەکەم دیدارت بیر دێنمەوە، کە لەبەر باران یەکمان ناسی و لەبەر بارانیش لێك جیابووینەوە، ئەو رۆژەیانت بیر دێنمەوە، تۆ دەڵێیت"دیسان لەبەر باران بەیەکتر شاد بووینەوە" من دەست بۆ جانتاکەی بن شانم دەبەم، کەپڕیەتی لەنامەی شکست و گۆشەگیری تەنیایی، لەگەڵ چەند کتێبێکی شانۆیی، لەنێو پەڕاوێکی زەرد، هەر لەبەر ئەو بارانە، سێ نامەت بۆ دەخوێنمەوە، کەهەرگیز رۆژێك بەخەیاڵمدا نەهاتبوو بۆ تۆی بخوێنمەوە.

**نامەی یەکەم:**

بیابان سەمای لەگەڵ بەشدەکات، چرایەك لە ئەشکەوتێکدا بەدەم گوێگرتن لەحیکایەتەکان خەو بردوویەتیە ئەوێ.. حیکایەتی ئەوانەی لە ژێر لمدا مردن، چراکە لەگەڵ خۆی دەباتە سەر دڵی بیابان، لەوێن, پێلاوو ستیان‌و هەناسە خنکاوەکانی حەسرەت لەوێن، بەلام نیشتیمانی من لەوێ نادۆزنەوە، ئەو لە یەکێك لەگەڕەکەکانی هەولێرو لەیەکێك لە کۆلێژەکان، بەدەم موحازەرەیەکی ئابوریەوە دەڵێ: "عاشقم بوو, ئێستا لە باشوری ئەفریقیایە، لەوانەیە پلنگێك بیخوات، یان لەترسی زەڕافەکان, بچێتە کەعبە، بۆلای پێغەمبەرەکەی خوا" ئەوان بە نیگەرانیەوە لێی دەڕوانن، بەلام ئەو خۆی دەزانێ چی دەڵێ، نیشتیمانی من سنورەکەی لەحەمرینەوە دەست پێناکات. نیشتیمان ناوی خوشکە نەخۆشەکەم نییە، ناوی ئەو پارچە گردەش نیە کە ململانێیەکانی تیا یەکلا کرایەوە، هەر باب نیزام خۆی دەزانێ نیشتیمانی من کوێیە؟ بەقەد قژە درێژەکەیەوە لە خۆبایە، بە لەخۆبایی ژەنرالێکەوە بریاری تائەبەد دوورخستنەوەی لە ژیان‌وچوون بۆ سنورەکانی بیابانیدا، لەشەشەمین رۆژی تەموز قژ بوو بە خاچ‌و من مەسیح، دوای لەخاچ دان ژەنرال ئەمری بە زیندوو بوونەوە و دوورخستنەوە کرد ( لقد قامت عیسی المسیح بین اموات ) تکایە ژەنرالم ئەو زیندووبوونەوەیە با زیندەگی من بێت لەگەڵ تۆ، ئاخر من بە تەنها نە بەرگەی بیابان ونەبەرگەی سەفەر دەگرم، ژەنراڵی لەخۆبایی من بیرم نەچووە، شەوێکی مەستی لەماڵی خۆمان وێنەکەی تۆم لەناو ئەلبومەکاندا بینی. من ئەو وێنەیەم دانەنابوو دەشێ لمەکانی بیابان ئەو وێنەیان هێنابێتە ماڵی ئێمە، ئیدی لەو رۆژەوە ئەو وێنەیە گەورەتر بوو لەوێنەکەی خاوەرو لەهەموو وێنەکانی تری دنیا پیرۆزتربوو، ڕێمبەدە بەرەو قیبلە هەڵیواسم، ئەگەر ڕۆژێك حەزم لەنوێژکردن بوو تا بەرێزەوە کڕنۆش بەرم. گەورەم سەربازێکی گوێڕاڵم لەو نیشتیمانە مەمکە دەرەوە بەڵێن بێت تامردن لەپێناو عەشقی تۆو شەڕەجوانەکانی بوونت بجەنگم. بەشەڕمدە, شەڕی کوڵان وشەڕی سیاسەت و شەڕی جوانی و شەڕی هەتیو بازەکان شەڕی هەموو دونیام پێبکە. بەداخەوە نیشتیمانی من هێشتا ماویەتی لەوە بگات من

سەربازێکی گوێڕایەڵم. ڕێمبدە ئەی نیشتیمان.. لەخزمەتی سەربازیت هەڵبێم، ڕۆژێك بێت دێمەوە. من دڵنیام دێمەوە و لەبەر پێیەکانت دەکەوم، دێمەوە هەربەهەمان حوزنی گۆرانیەکەی (داریوش) ەوە " دڵی من ئیدی هەڵە نەکەیت.. بە غەریبە وەفا نەکەیت" دێمەوە و بیانو بۆ سەفەرکردن دەدۆزمەوە، دێمەوە و تۆ هیچم پێناڵێیت، بەڵام بێدەنگیەکانت تا مردن شەرمەزارم دەکەن. تۆ دەڵێیت "هەر ئەوە مابوو بیکەیت بە ستونێکی ڕۆژنامەو هەندێکی تر ئابڕوی خۆت و ئابڕوی من بەریت" تکایە دەرفەتی چرکەیەکم بدە من پۆزش و ڕونکردنەوەم هەیە، من ئابڕووی هەموو دونیا دەبەم تا ئابڕوی تۆ بپارێزم، پێم بڵێ ئێستا چیبکەم، هەموو فەرمانێك جێبەجێ دەبێت، تەنیا فەرمانێك نەبێت کەدەڵێیت من لەبیر کە، چونکە تۆ سێبەر و لەناو هەناسەو لەناو قورگمدایت، دەبوا بڕۆم مادامەکی لەبەر سروودی ئەی ڕەقیب کەس تاقەتی نەبێت گوێ لەدەنگی ماجیدە رومی بگرێت. ئەی نیشتیمان ڕێمبدە خاکی بەرپێت ماچ بکەم، هەتا پێت بڵێم غرورەکانت عاشقترم دەکەن، من بەئاگا دێمەوە لە وڕێنە، بەڵام دەزانم نیشتیمانی من کچێکی قژ خورماییەو ئاوارەی سنورەکانی بیابان ومردنم دەکات. شەوێك کە بە قاپێك شەرابەوە بەکۆڵانەکانی غەریبیدا تێدەپەڕم.. کە سیمای ژنەکان تۆم بیر دێننەوە، بە قورگی پڕ لەحەسرەت قوڕگێك کەپاشماوەی هەنسکە خنکاوەکانی شەشی تەموزی تیا ماوە، دەمەوێ قسەیەکت بۆ بنێرم، بەڵام قژی تۆ لە قوڕگم دەئاڵێ و منی غەریب هیچم پێناوترێ، دەنگێك دێتە گوێم، ئەوە دەنگی تۆ نیە, دەنگی هاوڕێکانیشمان نیە. لەدەنگی دایکمیش ناچێ، هەر لەترپەی پێیەکانی تۆ دەچێ پێم دەڵێ: لێرە کچە قژ خورمایەکە کەس قژی لەباران ناچێت.

**نامەی دووەم:**

دەرگایەك شك نابەم بۆ وەرگرتنی کاغەزێك. جا دوگەرێك لەنێوان پێکەنینەکان بە توڕەبوونەکانمان دەڵێ "ئێوە ئاوا جوانن.. شتێ نیە لە هێمنی ناشیرینتر" چەند قوڕسە بەیەکتری بڵێین: دەشێ هەموومان هەڵە بین.. زەحمەتە بەم هەینیە و بەو ئێوارە درەنگە بتوانین پۆزش بۆیەك بێنینەوە، من لە لەوحی مەحفوزی خوا دەنووسم "ئەگەر عەشق لەدەستدانی سێبەر بێت، دەشێ من تا ئەبەد تەنیا بم" گەر وایە با تەنیایی قەبووڵ بکەین، پیاوێك کە عەشق کردی بەئاوارەی وولات، لەناو قورگیدا گۆرانیەکی نووسیەوە "اگە عشقی نباشە, ادمی نیست/ اگە ادم نباشە, زندگی نیست"(1) من کە نووسینی قوڕگی ئەو دەبینم.. بیرلە درووستکردنی پەیکەرێك دەکەمەوە، پەیکەرێك بە قژە نەوەت ونۆ سەنتیمەترەکەی تۆ،پەیکەری دڵشکانی خۆم لەژێر ناوی تۆدا چەند پیتێك هەڵدەکەنم، تۆ کە سەیری دەکەیت و دەیخوێنیتەوە" ئەگەر پێڵاو بوویت وئینسان نەبوویت عاشقی چی، ئەگەر ئینسان بوویی و پێڵاو نەبوویت بێ عاشقی یانی چی" من ئیدی گلەیم هەیە گلەیی لە دەمامکەکانی ماڵی ئێوە نا، لە دەست حیکمەتەکانی دایکتیش نا، بەڵام گلەییم هەیە.. لەپەنجەکانی خۆم گلەیم هەیە، گلەیم لەبێ وەڵامی خۆم هەیە کاتێ پێم دەڵێی "تۆ بۆمنت هێندە خۆش دەوێت" لە مەجلیسی دانیشتنەکانی هەینی گلەیم هەیە، کە لە پەنجەکانی دەستی چەپم ناترازێن، من گلەیم لە پەنجەکانی خۆم هەیە، نامەیەکم بۆخۆم نووسیوەو وەڵامی خۆم نەداوەتەوە. لەبەردەم ئاوێنەکەدا سەرزەنشتی خۆم دەکەم، چەند

زەحمەتە چاوەڕوانی هاتنی باران. چەند قورسە جیاکردنەوەی تۆ لە خۆم، چۆن بە سێبەر دەووتریّ لێمگەڕیّ من تورەم. چۆن بەقوڕگ دەووتریّ " با دەنگ لە تۆ دووربخەمەوە ئەوسا بە ئاوازێك لە باران" ئاخر باران و ئاواز بەیەکەوە لەگەلّ قوڕگ و دەنگدان. ئەی خوایە چی بکەم چۆن تیاماوم، قسەیەکم بۆ بنێرە بەرلەوەی هەڵەیەك بکەم، ئەو بەیانیەی فروغ هات بۆ دڵنەوایی عەشق، کوپێك چای دایە دەستم

بیری کوپە چاکەی تۆم کەوتەوە، ئەو بەسەدای دەنگی تۆ پێی ووتم "مهربان.. برای من چراغ بیار/ ویك دریچە/ کە از ان بە ازدحام کوچە/خوشبت بنگرم"(2) کتێبێکی دایە دەستم ئەو وایزانی قورئانە بۆیە هەڵدەستمەوە، دەزانم قورئان نیە ئەو کتێبە پڕبوو لە وێنەی تۆ، خێرا چووم دەست نوێژم گرتوو، بە دەستێك سەیری ڕەسمەکانم دەکردو دەستەکەی ترم بۆ ئەو ڕادەوەشاند. ئەگەر تا دوو ڕۆژی تر وەڵامی ئەو کاغەزەم لانەبێت، ئەی میهرەبان.. تۆنازانی چ موسیبەتێك ڕوو دەدا. ئەگەر کچێکی قژ خورماییت بینی لەماشێنەکەت دابەزە و پێی بڵێ "پیاوێك هەرچرکەیەك وپارچەیەکی لێ دەبێتەوە، لەوانەیە مانگێکی تر نەبات بە یەکجاری بمرێت، ئەو ووتی چەند سەیرە دنیا، دەبوو عەشق بمکوژێت, بەڵام عەشق بەزەیی پێم هاتەوە و هاوڕێیەك بڕیاری کوشتنیدام، تۆ نەبیت کەس بە هانای ناگات" من دێمە بەردەرگا فروغ بەڕێ بکەم، ئەو وون دەبێت و من نازانم بۆ دەرگای حەوشەکەی خۆمان وون دەکەم، دەکەومە کۆڵانێکی تاریك تۆ دەبینم، چی عاشقی دنیایە خۆی بە قژی تۆ گرتووە، تۆ دەچیە ئاسمان و عاشقان لەهەوا دان تەنها قژی تۆیان بەدەستەوەیە بەڵام ناترسن، من دەمەویّ تاڵێکی قژت بگرم، لەکۆڵانەکەدا سیمای دایکت دەبینم، لەترسانا خۆم بە کۆلارەی جێماوی منالێکەوە خەریك دەکەم، کە لە عامودی کارەباکان گیر بووە، بەدەم کۆلارەوە و لەترسی هەڕەشەکانی دایکت منالّ دەبمەوە، بەڵام خەیالّم هەرلای تۆیە, دەڵێم بەو کۆلارەیە بگەمە لای وپێی بڵێم "ئەو هەموو عاشقە چیە بە قژی تۆوە". تۆ لە پێکەنین ناکەویت "نیهاد ئەو قسە سەیرانە چیە دەیکەیت" تۆ نابینیت قژی تۆ ماڵی عاشقانە، من ناگەمە ئەو خەونە، دەبینم لەبەردەرگای ماڵی خۆمان خۆم بە کیلۆنی کردنەوەی دەرگا خەریك کردووە، ناڕۆمەوە ژوورەوە وورك دەگرم، بە دایکم دەڵێم "ئێوارەیە دنیا تاریك بەڵام تاریکتر لە دڵی من نا، من ناڕۆمەوە ژوورەوە، باتەنیایی لێرە بمخنکێنیّ، با ئەو بارانە نوقمی نێو کۆڵانەکەی ئەوانم بکات، پاسەوانەکانی کۆڵان دەتوانن بمگرن، بڕوا بکە سەرخۆش نیم، کەچی هەرلەو شەوانە دەچم، شەونم پێی وایە بە قسەیەکی تۆ سەرخۆش بوومە، بەیانی لە گێڕانەوەی حیکایەتی سەرخۆش بوونی من، تۆ دەڵێی "توخوا شەو خواردیەوە" ئەویش عەیارانە چەپۆکێکت پیّ دەگرێت و دەڵیّ "کچیّ نانا قسەکانی تۆ بیّ خواردنەوە سەرخۆشی کردبوو، تۆوات لە براکەم کردووە بیّ خواردنەوە سەرخۆش ببێت" تۆ دەتوانی بەو بارانە بە قژە بارانیەکەی خۆت بمخنکێنی. ئەگەر نایەیت بمبەیتە ئاسمان خۆ دەتوانی بە قژت لە سێدارەم دەیت، من چێژ لە خۆکوشتن دەبینم، ئارەزوو دەکەم بەقژی تۆ لەسێدارە بدرێم. مەڵیّ خوانەکا.. گەر خوای دەکرد وادە بوو، خنکان دەرفەتێکی چەند سەیرە بۆ کەوتنە خوارە لەناو ئامێزی تۆدا، دەتۆ یا وەرە لێرە دەرمکە یا وەرە بمکوژە. دیوارەکان

گەنیوون, باوك نەخۆش و دەمرێت، دوایی زیندوو دەبێتەوە بۆشەڕ، سەتەلایتەکەمان وێنەی قەڕەوێڵەی نەخۆشخانەکان نیشان دەدات. لەوانەیە هەفتەیەکی تر نەخۆشەکان بسووتێنن، خوشکەکەم دەڵیٚ " ڕۆژێك دێت منیش وەك ئەوان دەسوتێنرێم" دایکم ناوی لە ژوورەکەی من ناوە نەخۆشخانەی دەروونی

ئەو پێی وایە وێنەکان دکتۆر و کوڕەکەی نەخۆش، ئەو تێناگات ئەوان وەك من نەخۆشن، ئەگەر دکتۆرێك هەبێت وا لەشارێکیترە، براکەم دەڵێت "ئەو نامەیە بۆتۆ هاتووە" ببورە ئەو هەفتەیە ناتوانم بتبینم، ئاگات لەخۆت بێت هەفتەی داهاتوو هەر لەهەمان شوێنی باوەشمان بەیەك کرد دەتبینم. تۆ وات نووسیوەو من قوڕگم پڕە لە گریان، دێرێکی نامەکەی تۆم بیر دێتەوە نووسیوتە "هیوادارم دڵتەنگ نەبیت هاوڕیٚ گیان، ئاگات لەخۆت بێت" بۆیە لەبەردڵ نەشکاندنی تۆ تەنها دەڵێم"اهای مردم دنیا..گلدارم..گلدار"

**نامەی سێیەم:**

ئێوارەیەکی تر لێرە نابم.. فێرمکە چۆن بەجێت بێلم.. فێرمکە وەك چۆن فێرت کردم لەناوما بیت، بۆ لەبیرچوونەوە..چەند قەڕن لەزەمەن قەرز کەین، بۆنزیکبوونەوە..چ ئەفسانەیەك دەمانباتەوە ماڵی خوشکە قژ درێژەکان، جوان بوو، هاوڕێیەتی تۆسیرامخۆرەکان، فێرمکەوە بڕۆمەوە کۆڵانەکانی ئەو زەمانە.. قەدەرێکی ئیلاهی بوو.. زیندەگی من و سیکۆتین خۆرەکان. بۆ؟ بۆبەگژ قەدەردا چوویتەوە؟ بۆئاگرت خستە ماڵی براکانەوە؟ کیٚ وتی خودا بەردباران بکە؟ تۆ کەوات کرد، لێگەڕابای میلی سەعات لەسوڕانەوە گێژ نەبێت، ئەو گۆرانیە نەشازە مەڵێوە، زۆربوون ئەو ژنانەی گۆرانی نغرۆ بوونیان چڕی.. بمبەخشە ناتوانم ئەو گۆرانیەت جوان ببینم "من ژنێکم هیچم پێنیە دەستەکانم خاڵین، بۆ هیچ پیاوێك.. هیچ شتێکم پیٚ نیە" گومان لەدەنگت دەکەم، بەگومانم لە نهێنیەك کە نازانم چیە؟ بەگومانم لەوەڕسیت.. لەفرمێسکەکانت بەگومانم لەخۆم.. لەزەمەنێکی دوور هێشتا کەس بەناو ئەو تاریکیەدا پیاسەی نەکردبوو، لێو جگە لە هەڵمژینی جگەرەو تلیاك هەناسە ولێوەکانی ژنی هەڵنەمژی بوو، ئەوکات عەشق نەبوو، شەهوەت لەناو دڵمان دەڕژا

بەگومانم لەو ڕۆژەی هاتی، " پیاوی هەڤدە ساڵ لە برین ئەو دووکەڵە بخەرە لاوە نەبا هەناسەکانمان بخنکێن" دەرفەتم بدە باڕووتت بکەمەوە، دەبیٚ بگەڕێینەوە بۆ ڕۆژگارێك ڕۆژگاری حیکایەتە بەردینەکان، دەرفەتم بدە بانزیك بینەوە، ئێستاش فێرمکە چۆن بەجێت بێلم، فێرمکە بەکام گۆرانی ئاشتت بکەمەوە.. ڕامبێنەوە بۆ پشووەکانی هەفتە، لێوەکانم بەدەستەکانت فێرکەوە. فێرمکەوە.. چۆن فێرت بکەمەوە.. تامردن ڕێگاکان نەمربن، دەرفەتێکی ترم بدەریٚ.. بۆوەی بتوانم، ئێوارەیەکی تر لێرە نەبم. قوڕسە دەرکردنی تۆ لەخۆم.. بەسەدای گۆرانیەکانت و حیکایەتەکانی خۆم دڵنیا دەبم، تۆ لە قوڕگ و لەناو دەنگدای، بۆئەوەی ئێوارەیەکی تر لەناوما نەبیت، پێویستە فیشەکێك بەقوڕگمەوە نێم، تاجیهان دڵنیا بێت پەنجەکانم سوورن بەخوێنی تۆ، من تۆم کوشت، کەمنت کوشت.. کەس خوێنی ڕژاوی دڵی منی نەدی، کەتۆ دەکوژم. هەموو

هاوار ئەکەن "ئەو شێتە بۆخۆی کوشت" ئیدی من ئازاد ئەبم بەکوشتنت، بیرت نەچێت بەر لە ئازادی فێرمکە، فێرمکە.. چۆن بەجێت بێلم"

**پەراوێزی نامەکان**: ئێستا باران تەواو بووە، شەقامەکە هێمنە، منالێك دەمامکی خۆی داوەو لەبەردەرگا وەستاوە، پیاوێك بەپاسکیلێکەوە بەرەو دڵی شەقامەکە دێت، من لەخوێندنەوەی نامەکە بوومەتەوە، تۆ سەیرم دەکەیت و نیگات پڕە لەفرمێسك، پەنجەکانت لەپەنجەکانم نزیك دەکەیتەوە، تاتەواو هەست بەنزیکیەکی زۆر دەکەین، من بەو نزیکیەوەش واتێدەگەم نزیك نین و پێویستمان بەوەیە زیاتر لێك نزیك بین، دایکی منالەکە منالەکەی بردۆتەوە ژووریٚ، پیاوی سەر پاسکیلەکە عەیامێکە لەبەرچاو وون بووە، زێرابێکی گەورە ئاوی بارانی تیٚ دەچێت، تۆ نامەکان فڕێدەدەیتە زێرابەکەو ئاوی باران لەگەڵ خۆی دەیبات، شانەکانمان لەیەك جووتن، باران نم نم دەبارێت، لەشەقامەکەدا هێواش هێواش تێدەپەڕین، نازانین بۆکویٚ دەڕۆین، بەلآم دەمانەویٚ بۆ هەمیشە لەگەڵ یەك بین، دەرگایەك بەڕوومان دەکرێتەوە ماڵێك گەرم گەرم، لەجەستەمان گەرمترنا تەنیا ئەوەندە نەبێت ڕووتین، ڕووتتر لە باران جوانتر لەعەشق، عەشقی باران.. بارانی عەشق، تێکەڵاو هاڵاوی جەستەمان دەبێت و خۆمان لەناو یەك وون دەکەین

**ئاماژەکان**

(1) ئاماژەیە بۆگۆرانیەکی داریوش, مانا کوردیەکەی بەو شێوەییە"ئەگەر عەشق نەبێت ئینسان نییە, ئەگەر ئینسان نەبێت ژیان نییە"

(2)دێرە شیعرێکی ژنە شاعیری ئێرانی فروغی فروخ زادە, واتا کوردیەکەی بەو شێوەییە" ئەی میهرەبان ئەگەر هاتی چرایەك بێنە بۆ ژوورە تاریکەکەم کەدەڕوانێتە شەقامە قەرەبالغەکە"

(3)مانای ناونیشانی ئەو گۆرانیە بەکوردی واتە:ئای خەڵکی دنیا گلەیم هەیە"